


# وتەی ئەمجارەمان

منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان!

ئەم کاتەتان باش.

ئەوا ئەمساڵیش پشووی هاوین بەرەو کۆتایی دەڕوات و تا کرانەوەی دەرگای قوتابخانەکان کاتێکی کەمی ماوە. منداڵەکان ئێستا کاتی ئەوە هاتووە چاوێک بە کار و کردەوەکانی پشووی هاوینمان دا بخشێنینەوە و ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ئاخۆ لەو بەرنامانەی کە بۆ پشووی هاوین دیاریمان کردبوون، تا چ رادەیەک سەرکەوتوو بووین؟ ئەو خولانەی کە بەشداریمان تێدا کردبوون چییان لێوە فێر بووین؟ لەو شوێنانەی کە سەردانمان کردوون چی فێر بووین و چ ئەزموونێکمان وەدەست هێناوە؟ منداڵەکان! ئێمە هیوادارین کە پشووی هاوینی ئەمساڵتان بەو شێوەی کە بۆ خۆتان بەرنامەتان بۆداڕشتبوو تێپەڕ کردبێ و سەرکەوتووبووبن.

منداڵە خۆشەویستەکان!

ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە وردە وردە بیر لە قوتابخانە بکەینەوە و ئەو پێداویستییانەی کە بۆ ساڵی تازەی خوێندن پێویستمانن ئامادەیان بکەین. بە تایبەتی ئەو منداڵانەی کە پارەکە لە باخچەی ساوایان دەرچوون و ئەمساڵ بۆ یەکەم جار پێ دەنێنە قوتابخانە ئەوان زیاتر لە منداڵەکانی دیکە بە چوون بۆ قوتابخانە خۆشحاڵن، چونکە پێ دەنێنە قۆناخێکی دیکە لە ژیان و لەگەڵ کۆ مە ڵێک هاوڕێ و مامۆستای تازە ئاشنا دەبن.

ئێمە وەک ستافی دنیای منداڵان وێڕای پیرۆزبایی ساڵی تازەی خوێندن لە هەموو منداڵانی کوردستان بە تایبەتی لەو منداڵانەی کە بۆ یەکەم جارە پێ دەنێنە قوتابخانە، ئاواتەخوازین کە منداڵان لە کەش و هەوایەکی ئارام و پڕ لە ئاشتی دا ساڵی تازەی خوێندن دەست پێبکەن و لە فێربوونی وانەکان دا سەرکەوتووبن.






## باوا تاهیری هەمەدانی

باوا تاهیر گەورە شاعیر و عارفی ناوداری کورد کە بە زاراوەی *لەکی* شیعری گوتوە، بە دروستی ڕێکەوتی لە دایک بوونی نەزانراوە. بەڵام لە چەندین سەرچاوەی جیاوازدا ئاماژە کراوە کە لە دوایین ساڵەکانی سەدەی چواری کوچی مانگی دا لە دایک بووە.

باوا تاهیر هەمەدانی لە لای ئێرانییەکان و زۆربەی ڕۆژهەڵات ناسەکان بە باوا تاهیری «ڕووت» بەناوبانگە. واتە نازناوی ڕووت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باوا تاهیر زۆری گرینگی بە ماڵ و سروەتی دونیا نەداوەو شاعیر و خواناسێکی هەژارو دەست کورت بووە. بەشێکی زۆر لە زمانەوانان ولێکۆڵەرەوانی فارس لە سەر باوا تاهیر لێکۆڵینەوەیان کردووە و هەوڵی زۆریان داوە کە باوا تاهیر وەک شاعیرێکی فارس بە خەڵکی ئێران و ڕۆژئاوا بناسێنن. بەڵام ڕەنگە باشترین بەڵگە بۆ کورد بوونی باوا تاهیر هەر شیعرەکانی خۆی بێت کە بە زاراوەی شیرینی لەکی گوتراون، لە گەڵ ئەوەشدا ڕەستەیەکی بە ناوبانگی باوا تاهیر کە لە زۆر لە سەرچاوەکاندا بوونی هەیە ئەم ڕەستەیەیە «امسیت کردیا و اصبحت عربیا» یانی شەو کورد بووم و بەیانی بووم بە عەرەب، کە ئەمەش بۆ خوی دەتوانی سەلمێنەری ئەم ڕاستی یە بێت کە باوا تاهیر کورد بووە. کە بە داخەوە ئەم ڕەستەیە لە لایەن ناحەزانی میلەتی کوردەوە بە شێوەیەکی دیکە مانا کراوەتەوە.

بەڵام ئەوەی کە جێگای تێڕامان و وردبوونەوەیە ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی باوا تاهیر لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا لە لایەن فارسەکانەوە دەستکاری کراوەو بە جێگای وشە کوردییەکان وشەی فارسی یان داناوە، وەک تە « تو»، وینۆم «بینم»، زانۆم «دانم»، بورە «بیا»، سووجم «سوزم» وە گەلێک وشەی دیکە کە دەستکاری کراوە. مامۆستا عەلاالدین سەجادی و دوکتور مارف خەزنەدار شیعرەکانی باوا تاهیر وەک سەرەتاو دەسپێکی شیعری کوردی ناو دەبەن، هەروەها بەشێکی بەر چاو لە ئەدیبان و نووسەرانی کورد شیعرەکانی باوا تاهیر وەک کۆنترین تێکست و نووسراوەی کوردی دەست نیشان دەکەن کە بۆ میللەتی کورد ماونەتەوە.

هەر وەک لە سەرچاوەکان دا باس کراوە ژیانی باوا تاهیر هاوکات بووە لە گەڵ هێرشی سپای سوڵتان توغرۆڵی سەلجووقی بۆ سەر شاری هەمەدان و دوای دەس بە سەر داگرتنی هەمەدان لە لایەن سوپای سەلجووقی یەوە لە ساڵی ٤٤٧ کۆچی مانگی دا سوڵتان تۆغرۆڵ چاوی بە باوا تاهیر دەکەوێت و باوا تاهیر زۆری ئامۆژگاری دەکات.

شایانی باسە کە بەشێکی بەر چاو لە کوردە یارسانەکان «اهل حق» باوا تاهیر وەک یەکێک لە گەورە پیاوانی ئایینی خۆیان دەزانن کە ژیانی هاوکات بووە لە گەڵ شا خۆشین لورستانی گەورە پیاوی ئایینی یارسانەکان دا.

باوا تاهیر ساحێب ژن و منداڵ بووە و کوڕێکی ناوی فەرەیدوون بووە کە لە تەمەنی لاوەتی دا کۆچی دوایی دەکات کە باوا تاهیر لە شیعرێک دا ئاماژە بەو ڕووداوە دەکات.

باوا تاهیر جیا لە دیوانی شیعرەکەی کە بە دیوانی «دوو بیتی» یەکانی باوا تاهیر بە ناوبانگە دوو ئەسەری دیکەشی لە بارەی ئایینی ئیسلامەوە بە زمانی عەرەبی لێ بە جێ ماوە.

هەروەک چون ڕێکەوتی لە دایک بوونی باوا تاهیر بە ڕوونی نەزانراوە ڕێکەوتی مردنیشی ڕوون نییە، بەڵام زۆریک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە باوا تاهیر لە نێوەڕاستەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی مانگی دا کۆچی دوایی کردوە و تەرمەکەی لە باکووری شاری هەمەدان و لە بەرامبەر شاخی ئەڵوەند بە خاک ئەسپێردراوە.

***ئا: فەرشید***

*لەکی* یەکێک لە زاراوەکانی زمانی کوردی یە کە خەڵکی ناوچەی لەکستان، واتە بەشێکی بەرچاو لە خەلکی پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام، لورستان و هەمەدان بەم زاراوەیە قسە دەکەن.

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین





کابرایەک ئەچێتە سەر دار چنارێک ، لێی ئەپرسن
ئەوە خەریکی چیت لە سەر ئەو دارە؟
ئەڵێت خەریکم توو ئەخۆم..
ئەڵێن گەمژە ئەوە داری چنارە خۆ توو نیە؟
ئەڵێت خۆتان گەمژەن ئەزانم تووەکە لە گیرفانم دایە..

***

فرۆکەیەک لەکاتی کەوتنە خوارەوەدایە هەموو سەرنشینەکان دوعا دەکەن نەکەوێتە خوارەوە جیا لە یەکێکیان نەبێ.
ئەڵێن تۆ بۆ دوعا ناکەی؟ ئەویش ئەڵێ بابکەوێتە خوارەوە خۆ هی باوکم نیە..

***

مامۆستایەک لە تاقیکردنەوەی سەرزارەکی بە قوتابیەکەی ئەڵێت ناوی ئەو ئاژەڵە چیە کە قاچەکانی لێتەوە دیارن؟
قوتابیەکەش زۆر تەماشای دەکات نازانی، دەڵێ بیبوورە نازانم...
مامۆستاکە ئەڵێ: دەی کەواتە ناوت چیە با سفرێکی جوانت بۆ دابنێم ..؟
ئەویش قاچەکانی لەپێلاوەکانی دەرئەهێنێت و ئەڵێت لە رووی قاچەکانمەوە بزانە ناوم چیە....!

# ددان کلۆری

منداڵە ئازیزەکان: دەزانن یەکێک لەو ئەندامە گرینگانەی کە پێوەندی راستەو خۆی لە سەر ژیانی مرۆڤ بە گشتی هەیە و کاریگەری لە سەر تەندروستی دادەنێ، ددانەکانمانە. چونکە پاش ئەوەی کە خواردن چووە نێو دەم، سەرەکی کاری واتە وردو پرد کردنی ئەو خواردەمەنی یە ددانەکان دەیکەن و پاشان قووت دەدرێ و دەچێتە گەدەوە و لەوێشەوە لە رێگای رەگە خوێنیەکانەوە هەڵدەمژرێ و تێکەڵ بە خوێن دەبێت. کە واتە ئەگەر هەر جۆرە خراپی یان نەخۆشی یەک لە سەر ددانەکان هەبن، مرۆڤ ناتوانی بەو ئەندازەی کە پێویستە خواردنەکە بخوا یان وردی بکا لە ئاکامدا تووشی نارەحەتی گەدە و ریخۆڵەکان دەبێتەوە.

منداڵە خۆشەویستەکان: یەکێک لەو نەخۆشیانەی ددانەکان، کلۆر بوونە کە ئەویش پێوەندی بەو خواردنانەوە هەیە کە دەیخۆین. ئەو خواردنانەی کە شەکریان زۆر تێدایە کاریگەری لە سەر ددانەکان دادەنێ و ددانەکانتان تووشی کلۆر بوون دەکەن.



بۆیە دەبێ هەر لە ئێستاوە ئاگاتان لە ددانەکانتان بێ و زۆرتر لە شتی شیرین هەر لە قەند، شوکولات و شیرینی و ساردی و ئەو خواردنانەی کە شەکریان زۆرە خۆتان بپارێزن و لێیان دوور بکەنەوە، تا تووشی ددان ئێشەو کلۆر بوون و نەخۆشی ددان نەبنەوە و زیاتر ژیان بکەن، چونکە هیچ ددانێک نابێتە ددانی ئەسڵی.

منداڵە چاوگەشەکان:





بۆیە شتی شیرین زیاتر کاریگەری لە سەر ددانەکان هەیە، چونکە پاش خواردنی شیرینی میکرۆب لە سەر ددانەکان دەنیشێ و وردە وردە ئەنزیمێک دەرێژێ و ئەویش بە ددانەکان دا دەڕواتە خوارو ددانەکان کون دەکات و لە ئاکامدا ددانەکە چڵک دەکات و ئازاریشی زۆرە. ئەوەیە کە ئیتر خواردنتان باش بۆ ناخورێ و لە ئاکامدا تووشی ناراحەتی گەدەش دەبنەوە، چونکە ئەو میکرۆبانە دەچنە گەدەشەوە. بۆ ئەوەی نە تووشی ددان ئێشەو کلۆر بوونی ددان ببنەوە نە ئەوەی تووشتان بە تووشی نەخۆشخانە و دەواو دەرمان بیتەوە. هەر لە ئێستاوە ددانەکانتان خاوێن رابگرن یانی پاش هەر خواردنێک بە تایبەتی شەوانە بەر لەوەی بخەون حەتمەن فلچە لە ددانەکانتان بدەن و بە جوانی خاوێنیان بکەنەوە ئەوجا بچنە نێو جێ و بخەون هەروەها لە رۆژیش دا کەمتر شیرینی بخۆن بە تایبەتی ساردی کە زۆر خراپە لە گەڵ نوقڵ و ئەو جۆرە شتانە.

ن: سید جەلال سالحی

ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا.
www.Kurdistanukurd.com
سەرنووسەر: عوسمان بێورانی* دەستەی نووسەران: هانا وریا، زانکۆ خاکی، تریفە سادقی *
مۆنتاژو دیزاین: مینا سوڵتانزادە
mndalanykurd@yahoo.com
دنیای منداڵان

# بە سەرهاتێکی تاڵ و دەرسێکی گەورە

کورێک بۆی گێڕامەوە:
باوکم پێشمەرگە بوو ئێمەش لە ماڵی باپیرەم (باوکی باوکم) بوین، باپیرەم و نەنکم هیچ بۆمان باش نەبوون، هەموو ڕۆژێ خەبەریان لە باوکم دەنارد بێتەوە و خۆی تەسلیم بکاتەوە و بە ژیانی ئێمە ڕابگات، باوکم زۆر گوێی نەدەدانێ، بەڵام ئەمجارە هەڕەشەیان لە باوکم کرد کە منداڵەکانت دەردەکەین، باوکیشم پێی وابوو بە گاڵتەیانە و تەنیا وەک ئامرازی گوشار بەکاری دێنن و گوتبووی کەیفی خۆتانە بەڵێ؛ ڕۆژێک باپیرەم پێی گوتین کە لەماڵی وی بڕۆین و ئەوەی ڕاستی بێ وەدیوی دەرێی ناین و دەری کردین، دایکم بە چاوی بە فرمێسکەوە دەستی من و خوشکەکەمی گرت و وەدەرکەوتین، دیار بوو دایکم زۆر پەرێشانحاڵ بوو ڕوومان کردە ماڵی مامی باوکم ، مامی باوکم هیچ بۆمان خراپ نەبوو، بەڵام ئامۆژنەکەی زۆر دەگەڵمان ناجوور بوو، نەماندەوێرا لە پێستی خۆمان دا بجوڵێینەوە هەر کات و ناکاتێک قامکی هەڕەشەی لێ ڕادەوەشاندین قسەی پیسی پێ دەگوتین. بە دایکمان دەگوت، ئەویش هەر دەیگوت قەیدی ناکا ڕۆڵە گیان عاقڵ بن. لە وێش گوشار گەیشتە ئەو جێگایەی بۆ خۆمان ملی ڕێیە بگرین و لە ماڵی مامی باوکیشم وەدەر کەوین. دایکم نازانم چۆن خەبەری بۆ ماڵی باوکی ناردبوو،



لە ناوچەی بۆکان ڕا هاتن و ئێمەیان برد لەوێ هەستمان بە ئاسوودەیی کرد زۆریان ڕێز لێدەناین و خۆشەویستی یان نیشان دەداین . ئیتر خەفەت، چاو لێ مۆڕ کردنەوە، قامکی هەڕەشە، دەرکەون و ئەم جۆرە وشە و کردانەمان نەدەدیتن.

گوندەکەی ماڵی باوکی دایکم لە شار دوور بوو و ماشێنێکی خەتی هەبوو ئەو خەڵکەی کاری بازاڕیان بوایە بەیانیان دەچوونە شاری و ئێواران دەگەڕانەوە، منیش بەرە بەرە دەگەڵ منداڵەکانی گوندی ڕاهاتبووم و لە کایە و گەڕانەکانیان دا بەشدار دەبووم. ببورن توخوا با ئەوەندەشم لە بیر نەچێت، منداڵی وێ هەر هەموو بە باوکیان دەگوت کاکە. جا ئێواران کە ماشێنی خەتی گوندی دەگەڕایەوە ئەو منداڵانەی باوکیان چوبایە شاری هەموو بە یەکەوە لە سەر ڕێگا کۆ دەبوونەوە، هەر کە ماشێن دەگەیشتەوە دوور و نزیکی گوندی، هەموو منداڵەکان بە یەکەوە هەڵدەپەڕین و دەیانگوت: (کاکم هاتەوە، کاکم هاتەوە) منیش نەمدەزانی وێڕای ئەوان هەڵدەپەڕیم و دووپاتم دەکردەوە (کاکم هاتەوە، کاکم هاتەوە).

خەڵکەکە کە دادەبەزین دەیاندیت منیش وەک منداڵەکانیان دەڵێم کاکم هاتەوە، زۆربەی هەرە زۆریان بە دیتنی من و گوتنەوەی کاکم هاتەوەی من بە کوڵ دەگریان و لە باوەشیان دەکردم و ماچیان دەکردم. وای لێهات خەڵکەکە لە شار هەردیارییێکیان بۆ منداڵی خۆیان هێنابا بەشی منیشیان دەدا، لە ئاکام دا وا دەرکەوت دیارییەکانی من لە منداڵەکانیتر زۆر زیاتر ببوو .

ئەم بە سەرهاتە تاڵە چی دەڵێت؟؛

ئەو کورتە بەسەرهاتە پێمان دەڵێت کە هیچکات لە ژیانمان دا پشت لە بێ دەرەتان نەکەین، بڕوانە هەڵس و کەوتی باپیرە و داپیرەی، مامی باوکی و ئامۆژنەکەی، سەرەنجام ماڵی خاڵەکانی و خەڵکی گوندەکە، بۆمان دەردەکەوێت کە بایەخەکان لە کوێن و دەبێ لە ژیانماندا چ بکەین.

ئەم بە سەرهاتە تاڵە فێرمان دەکات ؛ گرتنەوەی بێ دەرەتانەکان ئەرکە بۆ هەر مرۆڤێک و دەبێ بە چاوی ڕێزەوە چاویان لێ بکەین و خەفەتیان لە سەر لابەرین و وایان دەگەڵ بجووڵێینەوە کە هەست بە بێ دەرەتانی و بێگانەیی نەکەن .

***ن : منداڵی دوێنی***

## مناڵێکی وردیلەم

مناڵێکی بچووکم — وردیلەو ئێسک سووکم
جوان و پاک و خاوێنم — وەک ئاوێنە دەنوێنم
وریاو بە بیر و هەستم — بەیانی زوو هەڵئەستم
خێرا دەشۆم دەست و چاو — دەپۆشم بەرگ و پێڵاو
دەرۆم لە گەڵ منداڵان — بەرەو باخچەی ساوایان
گوێ بۆ مامۆستا دەگرم — زانیاریی لێ وەر دەگرم
بە دڵ خۆشی و ئازادی — دەچین بۆ یاری و شادی

*ئالان قادری*

## خۆشەویستی دایک

چەند سال لەمەو پێش لە ڕۆژێکی گەرمی هاوین دا لە باشووری (فلۆریدا) کوڕێکی بچووک بە پەلە لیباسەکانی داکەند و بە پێکەنین و خۆشحاڵیەکی زۆرەوە خۆی هەڵدایە نێو دەریاچەکە. دایکی لە پەنجەرەی ژوورەکەیانەوە چاوی لێ دەکردو بە خۆشحاڵی منداڵەکەی دڵشاد بوو.

دایکی لە نەکاو تیمساحێکی دیت کە بۆلای منداڵەکەی مەلەی دەکرد وە بە سەرسامیەوە بۆ لای دەریاچەکە هەڵات و بانگی کورەکەی کرد، درەنگ ببوو کاتێک کورەکە ئاوری دایەوە تیمساحەکە بە دەستی لاقی کورەکەی گرت و بردیە ژێر ئاوەکە.



دایکەکە گەیشتە رۆخی دەریاچەکە و باسکی کورەکەی گرت،تیمساحەکە بە هێزێکی زۆرەوە کورەکەی رادەکێشا بەڵام خۆشەویستی دایکی ئەوەندە زۆر بوو بۆ منداڵەکەی کە نەی دەتوانی دەستی منداڵەکەی بەر بدا. جوتیارێک کە بەویدا تێپەر دەبوو دەنگی هاواری دایکەکەی بیست. بۆ لای ئەو هەڵات و بەو شەنەی کە بە دەستیەوە بوو بە توندی لە سەری تیمساحەکەی داو کوشتی.

کورەکەیان بە پەلە گەیاندە نەخۆشخانە، دوو مانگی خایاند تاکورەکە هاتەوە سەرخۆ. لاقی بە ددانی تیمساحەکە کون کون ببوو و لە سەر باسکیشی جێگای نینۆکی دایکی مابۆوە.

هەواڵ نێرێک کە قسەی لە گەڵ کورەکە دەکرد داوای لە ئەو کرد تا جێگای برینەکانی پیشان بدات.کورەکە پانتۆڵەکەی دانا و بە نارەحەتیەوە برینەکانی پیشان داو، دواتر بە شانازییەوە باسکە بریندارەکەی پیشان داو گوتی: ئەم برینانەم خۆش دەوێت چونکە ئەمانە برینی خۆشەویستی دایکمن.

*وەرگێڕان: ژیوار*

# کچێکی فیداکار

هاوسەرەکەم بە دەنگێکی بەرز پێی گوتم: تا کەی دەتهەوێ سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامە بی. دەکرێ بێی و بە کچە نازدارەکەت بڵێی خواردنەکەی بخوا. ڕۆژنامەکەم لابردو بەرەو لایان چووم، تەنیا کچەکەم «ئاوا» وا دیار بوو ترساوە، چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوو. قاپێکی لێوانلێو شیر برنجم لە بەردەمیدا دانا.

ئاوا کچێکی جوان و لە ئاست تەمەنیشیدا زۆر وریا بوو. گەرووم فێنک کردەوەو قاپەکەم هەڵگرتو وتم بۆ چەن کەوچکێکی گەورە ناخۆی، لەبەر بابت ئازیزم بیخۆ.

ئاوا تۆزێک نەرمی نواندو بە پشتی دەستەکانی فرمێسکەکانی سڕی و وتی باشە بابەگیان دەیخۆم نەتەنیا چەن کەوچک، بەڵکوو هەمووشی دەخۆم بەڵام تۆش دەبێ... ئاوا تۆزێ ڕاوەستاو تێڕاما. بابە ئەگەر من هەموو ئەو شیر برنجە بخۆم هەرچیم ویست بۆم جێبەجێ دەکەی؟ پاشان لەگەڵی دەستم لێدایەوەو بەڵێنمداو دەستە چووکەکانی کچەکەم کە بەرەو لای من ڕایکێشابوو گرت و گوتم: بەڵێنی دەدەم.

لە پڕا پەشۆکام و گوتم: ئاوا ئازیزم نابێ بیانووی کڕینی کۆمپیوتەر یان شتێکی گران بگری. بابت ئەو پارانەی نیە باشە؟ نە بابە من هیچ شتێکی گرانم ناوێ و بە ناڕاحەتیوە هەموو شیربرنجەکەی خوارد. لەو بێدەنگیەدا بە دەستی هاوسەرەکەم و دایکمەوە کە کچەکەیان ناچار کرد خواردنێک بخوات کە خۆشی ناوێ تووڕە بووم. کاتێ خواردنەکە تەواو بوو هات بۆ لام، چاوەڕوانی لە چاوانیدا شەپۆلی لێدەداو سەرنجی هەموانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.

ئاوا گوتی: دەمەوێ قژم بە تیغ بتاشم هەر ئەم یەکشەممەیە، داواکارییەکەی هەر ئەمە



بوو. کچێکی منداڵ قژی بە تیغ بتاشێ! مەحاڵە لە بنەماڵەی ئێمەدا شتی وا نەبووە. دایکم بە دەنگە ناحەزەکەی هاواری کرد فەرهەنگی ئێمە لەگەڵ ئەم کارە ترسناکانەدا نایەتەوە. هاوسەرەکەم قیژاندی و وتی ئەو تەلەفزیۆنە چی بەسەری ئێمە نەهێنا!

گوتم: ئاوا ئازیزم بۆ شتێکی دیکەت ناوێ ئێمە کە ببینین قژت بە تیغ تاشیوە ناڕاحەت دەبین، تکایە ئازیزم بۆ هەوڵ نادەی لە هەستی ئێمە تێبگەی! زۆری لێ پاڕامەوە، ئاوا گوتی: بابە دیتت خواردنی ئەو هەموو شیربرنجە چەندە بۆم ئەستەم بوو. چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون، وتی: تۆ بەڵێنت پێدام کە هەرچیم ویست بۆمی بکەی، ئێستاش دەتەوێ بەڵێنەکەت بە جێ نەگەیەنی؟

ئێستا ئیدی نۆرەی من بوو کە خۆم نیشان بدەم و وتم پیاوەو بڵێنەکەی. دایکم و هاوسەرەکەم هاواریان دەکردو دەیانگوت: مەگەر شێت بوویت، گوتم: «ئاوا» ئاواتەکەت دێتە دی.

ئاوا بە سەری تراشاوەو دەموچاوێکی خڕو چاوی گەورەوە جوانتر ببوو. سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ئاوام بۆ قوتابخانە برد. سەری تراشراوی کچەکەی من سەرنجی قوتابیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. هەموو پێیان سەیر بوو.

ئاوا ئاوڕی لێدامەوەو دەستی بۆ تەکان دام و منیش دەستم بۆ تەکان داو پێی پێکەنیم، لەم کاتەدا کوڕێک لە پاس دابەزی و بە دەنگی بەرز ئاوای بانگ کردو وتی: ئاوا ڕاوەستە تا منیش بێم. شتێک کە لەو نێوانەدا سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کە ئەو کوڕەش قژی تاشیبوو! لەگەڵ خۆم وتم کە وایە....

ژنێک کە لە پاسەکە دابەزیبوو بە بێ ئەوەی خۆی بناسێنێ وتی: کچەکەی ئێوە ئاوا، بەڕاستی کچێکی چاکەو فیداکارو دەگمەنە، لە درێژەدا وتی: ئەو کوڕە کوڕی منە، ئەو تووشی شێرپەنجەی خوێن بووە. ژنەکە ڕاوەستا تا هەنیسکەکانی دامرکێنێ. مانگی ڕابردوو «هەریش» نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانە، بە هۆی ئەنجامەکانی شیمی دەرمانیەوە موی سەری وەریوە، نەیدەویست بێتەوە بۆ قوتابخانە لەوە دەترسا هاوپۆلییەکانی گاڵتەی پێبکەن.

ئاوا هەینی ڕابردوو هاتووە بۆ لای و پێی گوتوە کە ئەم مەسەلەیە چارەسەر دەکا. بەڵام قەت بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو کە ئەو قژە جوانەکەی فیدای کوڕەکەی من بکا. ئێوەو هاوسەرەکەتان لای خودا زۆر خۆشەویستن کە کچێکی بەم شێوە فیداکارو ڕۆح گەورەتان هەیە.

لە جێدا ڕاوەستابووم و دەستم کرد بە گریان. فریشتە جوانەکەی من تۆ فێرت کردم کە عەشقی ڕاستەقیننە یانی چی؟!

بە ختە و ە ر تر ین مرۆڤەکان لە سەر گوێ زەوی ئەو کەسانە نین کە بەو جۆرە دەیانهەوێ بژین. مرۆڤە بەختەوەرەکان ئەو کەسانەن کە ویستەکانی خۆیان بە بۆنەی کەسانی دیکەوە کە خۆشیان دەوێن دەگۆڕن.

وەرگێڕان: نارین

# باڵندە

باڵندەیەکم هەبوو
لە جوانی دا وێنەی نەبوو
لە جێیەکی زۆر بەرزدا
دامنا بوو لە قەفەزدا
چەن دانم بۆ ڕۆدەکرد
شتی جوانم بۆ دەبرد
دەمدایێ تۆپی زۆر جوان
بووکە شووشەو میزڵدان
بەڵام ئەو هەر خەمبار بوو
لە گشت شتێ بێزار بوو
ڕۆژێ لێی کەوتمە پرسیار
ووتم باڵندەی نازدار
حەزت لە چیە بڵێ
لە چ میوەو چ گوڵێ
ووتی حەزم لە ئاسمانە
قەفەز بۆ من زیندانە
دەرگای قەفەزم شکان
هەڵفڕی باڵندەی جوان
لە دوور دەنگی هاتە گوێم
دەیگوت بە گشتتان دەڵێم
گەر ڕێزی باڵدار دەگرن
ڕێی فڕینی لێ مەگرن
ماڵی باڵدار ئاسمانە
ئاسمان بێ باڵدار کەی جوانە



ئا: ماردین
پێشکەش بە دنیای منداڵان لە کتێبی
پرسیار لە مناڵ
« لەتیف هەڵمت »

# ئایا دەزانن؟



ئایا دەزانن؟
کە نێوان مچی دەست تا ئانیشکی هەر مرۆڤێک بە ئەندازەی درێژایی پێی ئەو مرۆڤەیە.



ئایا دەزانن؟
کە کیسەڵ لە هەموو گیانلەبەران زۆرتر دەژیت، یانی نزیک بە ٢٠٠ساڵ دەژیت.





ئایا دەزانن؟
کە لە نێو باڵندەکان دا تەنیا پەنگوئەن و وشتر مریشک ناتوانن بفڕن.

ئایا دەزانن؟
کە دیواری چین تەنیا دەست کردی مرۆڤە کە لە مانگەوە سەیری زەوی بکەی دیارە.



ئایا دەزانن؟
کە ئدیسۆن داهێنەری کارەبا زۆرترین داهێنانی لە نێو داهێنەرانی جیهان دا هەیە،
یانی نزیک بە ٣٠٠ داهێنان.



## منداڵە خۆشەویستەکان جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیە کە دە جیاوازییە ببیننەوە



## هەرئێستا لێوانەکانتان لە سەر زەوی دابنێن

مامۆستایەک لە دەسپێکی وانەوتنەوە لیوانێکی پڕ لە ئاوی لە سەر دەست دانا ولێوانەکەی بڵیند کرد کە هەموو ببینن، دواتر لە خوێندکارەکانی پرسی: بە رای ئێوە کێشی ئەم لێوانە چەندە؟ خوێندکارەکان وەلامیان دایەوە ٥٠گرام، ١٠٠گرام، ١٥٠گرام... ماموستا گوتی منیش بە بێ کێشانی نازانم کێشەکەی چەندە، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە: ئەگەر من ئەو لێوانە ئاوە لە سەر دەستم راگرم چ شتێک روو دەدا؟ خوێندکارەکان گوتیان: هیچ شتێک روو نادا، مامۆستا پرسی: باشە ئەگەر یەک کاتژمێر هەر ئاوا رای گرم چ شتێک روو دەدات؟ یەکێک لە خوێندکارەکان گوتی: دەستت وردە وردە شل دەبێت. واتە راستە، ئێستا ئەگەر ڕۆژێکی تەواو رای بگرم چی؟ خوێندکارێک بە نەترسی گوتی: دەستت بێ هێز دەبێت و ماسوولکەکانی دەستت بە توندی فشاریان بۆ دێت و لە کار دەکەون و بە دڵنیاییەوە پێویستتان بە نەخۆشخانە دەبێت..

خوێندکارەکان هەموو پێکەنین، مامۆستا گوتی زۆر باشە، بەڵام ئایا لەو ماوەیەدا کێشەکەی دەگۆڕێت؟



خوێندکارەکان وەلامیان دایەوە: نەخێر

ئەگەر وایە چ شتێک دەبێتە هۆی ژان و فشار بۆ سەر ماسوولکەکان؟ من دەبێ چی بکەم؟ یەکێک لە خوێندکارەکان گوتی: لێوانەکە لە سەر زەوی دابنێ.

مامۆستا گوتی: وایە کێشەکانی ژیانیش وەک ئەوە وایە، ئەگەر کێشەکان چەند خولەکێک لە مێشکتان را گرن هیچ شتێک روو نادا، ئەگەر ماوەیەکی درێژ تر بیر لەوان بکەنەوە توشی ئازار دەبن. ئەگەر زۆرتر رایان بگرن، بێ هێزتان دەکات ئیدی ناتوانن هیچ کارێک بکەن.

بیر کردنەوە لە کێشەکانی ژیان گرنگە، بەڵام گرنگ تر لەوان، ئەوەیە کە لە کۆتایی هەر ڕۆژێک و پێش خەوتن لە بیریان بکەین. بەو شێوەیە فشارتان ناکەوێتە سەر و هەر بەیانییەک کە لە خەو هەستن سەرەحاڵ و بە هێز ئامادەی هەر کارێک دەبن کە بۆتان دێتە پێش.

لە بەر ئەوە هەر ئێستا لێوانەکانتان لە سەر زەوی دابنێن.

ژیان بکە........ژیان ئەوەیە

***وەرگێڕان: باران***

---

کەشتی یەکەیان نقووم بوو.

تە نیا یەک کەس رزگاری بوو.

بە تەنیا لە دوورگەیەک مابۆوە.

لە بەیانی یە وە تا شەو دادەهات دا دەنیشت و چاوەڕێی دە کرد کە سێک بێ و رزگاری بکات. بەڵام بێ هیوا بوو و بڕیاری دا لەو پارچە تەختانەی کە لە کەشتی یە شکاوەکە مابوونەوە. خانوویەکی چکۆلە درووست بکا.

شەوێکیان بۆ گەڕان بە دوای خۆراک دا چووە دەرەوە.

هێندەی پێ نەچوو دیتی خانووەکەی سووتاوە.

«هاواری کرد خودایە تۆ بۆ وام لێ دەکەی؟».

ڕۆژی دواتر بە دەنگی کەشتی یەک وەخەبەر هات.

کەشتی یەکە هاتبوو رزگاری بکا. چوونکە دیتبوویان



دوێنێ شەو رووناکی یەک داگیرساوە.

***ئا: هانا وریا***

# سێ براکە و گورگە بۆر



هەبوو نەبوو، لە نێو دارستانێکدا لە دوور دوور، کەروێشکێک سێ بێچووی خنجیلانەی هەبوو. سێ بێچووی زرت و بزۆز و چاوگەش بە ناوەکانی (مۆمۆ)، (تۆتۆ) و (بۆبۆ).

رۆژێک لە رۆژان دایکیان پێی گوتن:» دەی رۆڵە، ئێوە تازە گەورە بوونە، ئیتر لەمەودوا دەبێ خانووی خۆتان ساز بکەن و تێیدا بژین. هەستن بڕۆن«.

مۆمۆ کە لە هەمووان گەورەتر و لە هەموویشیان تەمبەڵتر و تەوەزەلتر بوو، لەبەرەخۆیەوە گوتی: جا ئەوەی بۆ چییە لەخۆڕایی خۆم ماندوو بکەم. با هەر بە لک و پۆپ و گەڵای ئەو دارانە خانوویەک بۆخۆم ساز بکەم. دەستی پێکرد و بە گەڵا و چیلکەوچاڵ و پووش و پەڵاش و لک و پۆپی داران خانوویەکی ساز کرد.

تۆتۆ، کە برێک وریاتر بوو، لە کۆتەرە دار و داری گەورە، خانووی خۆی چێ کرد.

بەڵام بۆبۆ کە لەوانی دیکە ژیرتر و ئازاتر بوو، ماڵەکەی خۆی بە کوچکە بەرد و گاشەبەردان ساز کرد.

هاتورابرد،رۆژێکیان کە مۆمۆ لەبەر هەیوانی ماڵەکەی خەریک بوو پشووی دەدا، گورگێکی برسیی لێ پەیدا بوو. گورگە ئامبازی بوو بیگرێ، بەڵام مۆمۆ خۆی بە ژوورەکەیدا کرد و دەرگای لە پشتەوەڕا داخست. گورگەکە قاقای کێشا و گوتی: جا ئەوە چییە؟ خۆ خانووەکەت هەمووی پووش و پەڵاشە و بە فوویەک دەیڕووخێنم و دەتخۆم. گورگەکە بە هەموو هێز و توانا فوویەکی لە خانووەکەی مۆمۆ کرد. خانووەکە بەو فووە رووخا. مۆمۆ، زەندەقی چووبوو. رایکرد و پەنای بردە بەر ماڵی کاکە تۆتۆ. ماڵەکەی تۆتۆ لە کۆتەرە دار ساز کرابوو. بە فوو نەدەڕووخا. گورگەکە بەشوێنی کەوت. زۆری فوو لە ماڵەکەی تۆتۆ کرد. بەڵام بۆی نەڕووخا. بیری کردەوە. گوتی ئەو دارانە بە ئاگر دەسووتێن. چوو ئاگری هێنا. خانووەکەی تۆتۆی ئاگر دا. مۆمۆ و تۆتۆ بۆ ئەوەی نەسووتێن، بە دەرگای پشتەوەدا رایانکرد و پەنایان بۆ ماڵی بۆبۆ برد. بۆبۆ دەرگای لێ کردنەوە. گوتی: مەترسن. من ماڵەکەمم بە بەرد ساز کردووە. گورگەکە هات. فووی لێ کرد، پێی نەڕووخا. ئاگری پێوەنا، پێی نەسووتا. ئاخر بەرد ناسووتێ. هەر لە دەوری ماڵەکەیان دەخولایەوە و دەیگوت: ئاخری دەتانخۆم.

بۆبۆ گوتی: با فێڵی لێ بکەین. هەر سێکیان بە قەستی دەستیان کرد بە گریان و بە دەنگی بەرز گوتیان خوایە، گورگە نەزانێت لە سەربان کولانەمان هەیە و بەوێدا نەیەتە ژوورەوە. گورگە گوێی لێ بوو. شایی لە دڵ گەڕا. شاگەشکە بوو. رایکردە سەربان. بۆبۆ ئاسنێکی لەسەر ئاور دانابوو. سوور سووری کردبۆوە. گورگە بە کولانەدا خۆی شۆڕکردەوە بچێت بیانخوات.بۆبۆ ئاسنەکەی بەرزکردەوە و راست بە قوونی گورگەکەیەوە نا. گورگە زیڕەی لێ هەستا و هاواری کرد. گوتی: تۆبە دەکەم. تۆبە دەکەم. بە هاوار هاوار، خۆی کێشایەوە سەربان و تا توانیی رایکرد.

بۆبۆ بە براکانی خۆی گوت: براکانم، هەر کارێکی کردتان دەبێ بە باشی بیکەن. بیری دوارۆژی بۆ بکەنەوە. وەرن منیش یارمەتیتان دەدەم.

بە یارمەتیی بۆبۆ خانوویان لە بەرد ساز کرد و گورگەش ئەوا هەر هەڵدێ و بە ئێشی پاشەڵییەوە دەناڵێنێت و تا هەتایە ناوێرێ لە کەس نزیک بێتەوە.

***رەسووڵ سوڵتانی***

# وڵاتەکەمان بناسین

## مێهران




مێهران یەکێک لە شارستانەکانی پارێزگای ئیلامی سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەکەوێتە ١٠٠ کیلومیتری باشووری ڕۆژئاوای شاری ئیلام. ناوی کۆنی ئەم شارە "جوو چەفت" واتە جۆگەی لار بووە، بەڵام دواتر ناوەکەی گۆڕاوە بۆ مەنسوور ئاوا و لە ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی داو لە کاتی دەسەڵاتدارێتی ڕەزاخان دا ناوی ئەم شارە دەگۆڕدرێت و دەکرێت بە مێهران.

لەباری هەڵکەوتەی جۆغرافیایی یەوە مێهران دەکەوێتە نێوان شارەکانی ئێلام و دەڕەشارو دێلوڕانی سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتی عێراق. شارستانی مێهران ٢٢٠ کیلومیتر سنووری هاوبەشی لە گەڵ وڵاتی عێراق دا هەیە و لە گەڵ شارە کوردنشینەکانی بەدرە و زەڕباتییەی باشووری کوردستان دا کەمتر لە ٢٠ کیلۆمیتر فاسڵەی هەیە. شارستانی مێهران لە دوو بەخشی ساڵەح ئاوا و بەخشی مەرکەزی مێهران پێک هاتووە. بەپێی ئامارەکان ئەم شارستانە نزیک بە ٥٧٠٠٠ پەنجاو حەوت هەزار کەس حەشیمەتی هەیە، کە هەموو خەڵکەکەی بە زاراوەی کەڵهۆڕی قسە دەکەن و هەمووشیان موسڵمانی شیعە مەزهەبن.

شاری مێهران لە ڕۆژهەڵاتی گەورە کەژ " کبیر کوە" و لە تەنیشت چۆمی کونجان چەم هەڵکەوتووە. لە باری ئاو وهەواوە ئەم شارستانە گەرم و وشکەو لە هاوینان دا پلەی گەرما لەم ناوچەیە دەگاتە سەروو ٥٠ پلەی سانتیگراد.



شارستانی مێهران بە هۆی بوونی چەندین چۆم و زۆری زەوییە کشت و کاڵییەکان و باخەکانییەوە وەک یەکێک لەباشترین ناوچە کشت و کاڵییەکانی کوردستان دێتە ئەژمار، کە ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر دانەوێڵەی گەنم و جۆو گوڵەدان و خورما لە زەوییە کشت و کاڵییەکان و باخەکانی ئەم شارستانە بەرهەم دەهێنرێت.

شارستانی مێهران بە هۆی زۆر بوونی کانگاکانی ژێر زەویشەوە و هەروەها سەرچاوەی زۆری نەفت و گازەوە دەتوانێت وەک یەکێک لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی کوردستان بێتە ئەژمار.

بوونی چەندین ئاسەواری کۆن و شوێنەواری مێژوویی وەک چوغا ئاهوان و چوغا گوڵان بە پێشینەی ٧٣٠٠ ساڵ، بەرد نووسراوەی دەورەی ئاشووری، ئاگردانی دەورەی ساسانی و قەڵای کونجان چەم و گەلێک ئاسەواری کۆنی دیکە لەم ناوچەیەدا باس لە بوونی شارستانییەتی کۆنی ئەم ناوچەیە دەکا. کە هەر لە کۆنەوە تا ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ بووە.

*ئا: کانی وایان*

# ێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا



ئەوین زارعی



ئاویزان بامدادی



سۆژین خورەمی



سۆران ئەبووبەکری



ئاریان ئوستاد رەحمانی



لاوان بۆرە



دیار محەممەدی



ڕیژان ئیبراهیم عەبدوڵلا



ئەوین بامدادی



فەریدە ئەسپەندار